# بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا(٤)

نووسینی: تاهیر عەلیار

*[[ **ڕوونکردنەوە و داوا**: زنجیرەی نامە و دۆکومێنت، وەرگیراو لە کتێبەکانی مەحموود مەلا عیزەت، ڕەنگە لە لایەن ڕێزمان و شێوەی نووسین و بەکار هێنانی وشە، لە گەڵ زمانی کوردی سەردەمی ئێستا جیاواز بێ، هەروەها ڕەنگە سەرەڕای ڕوونکردنەوەکانی نووسەری کتێبەکە، پێویست بە زانیاریی و ڕوونکردنەوەی زۆرتر بێ. ئێمە ناتوانین دەست لە زمانی کتێبەکە وەربدین، بەڵام ئەگەر زانیاریی باوەڕپێکراو لە لایەن شارەزایانەوە سەبارەت بە بابەتەکانی ئەم زنجیرەیە بگاتە دەستمان، بە ناوی نووسەر و سەرچاوەکەیەوە، بڵاوی دەکەینەوە.]]*

*وێڕای سپاس بەرپرسانی پرۆژەی بۆکان لە ئەمڕۆ و لە مێژوودا*

## دەوڵەتی جەمهووریی کوردستان ، نامەو دوکۆمێنت(١٠-٤)

### نامەی مستەفا بارزانی 13250205

وەزاڕەتی هێز ، دەفتەری تەواوی هێزی بارزانیان

فەرماندەی بەرزی هێزی بۆکان و سەرا جەنەڕال مایور محەمەدڕەشیدخان

1.ئیشارەبەنووسراوەی فەرماندەی لکی سێی هێزی بارزانیان پودپوڵکۆنیک بەکر عەبدەلکەریم بروارى 250303 کەبۆ وەکیلی فەرماندەی هێزی بۆکان و سەرای نووسیوەو روونووسی بۆ ئێمەنێردراوە تکایەمولاحەزەی ئەو نووسراوەیەبفەرموون و چ دەستووراتێک بەرامبەربەوەکیلی ناوبراو دادەنێن جێگای ڕەزامەندی ئێمەیە.

2. مەوجوودیەتی جەنابتان لەجەبهە دا بەمەوجوودیەتی خۆم دەزانم و بەڵکوو زیاتر چونکەلەوەئەمینم کەجەنابتان لەئێمەباشتر ، رێ نادەن بەهیچ کەسێک کەتەداخول لەگەڵ ئەفسەرانی هێزی بارزانیان دا بکەن چونکەلەدوای جەنابتان ئەوان لەهەموو قابیلیەتێکدا لەجەبهە لەهەموو کەس بەروتبەو موعلوومات گەورەترن. ئومێدوەارم کەهەموویان نیشانەی ئیتاعەتی جەنابتان بن.

ژنراڵ مستەفابارزانی

روونووس : بۆ فەرماندەی لکی سێ پودپوڵکونیک بەکر عەبدولکەریم

---

### نامەی حەمەرە شیدخان بۆ عەلی بەگی شێرزاد13250309

وەزاڕەتی هێزی دێموکراتی کوردستان (ستادی کول)

بۆ فەرماندەی هێزی چڵی 5 ی ناوەندی ئاغای عەلی بەگی شێرزاد(1)

مەوزووع: ئیلحاقتانەبەئاغای تایرخان

پێویستەبەگەیشتنی ئەو نووسراوە بەخۆتوو عیدەی پێشمەرگەکانتەوەئیلحاق بو ئاغای تایرخان (2) ئەکەی و لەقەڵاکۆن و ئەو ناوەلەگەڵ تایرخان ئەمێنیەوە. لازمەبەجیدی و رووحێکی نیشات لەگەڵ ئاغای تایرخانا تەشریکی مەساعی ئەکەیو بەسووڕەرتی قەتعی مەیدان نادەن کەرێگای بەینی سەقز و سنە..... پێویستەبەهەر نەوعێک کەئەکرێ ئەو رێگایەقەتع بکەن. ئەگەر ئەزانی بەعزەجێگەیەک لەرێگاکەدا قابیلی ئەوەیەتێک بدرێ لەپرد یا بەعزەشوێنێکی دیکەلازمەخراپی بکەن و دوایی رابیتەتان لەگەڵ ئێمەئەبێ و ساعەت بەساعەت گوزارشاتی ئەم جەبهە یەم ئەدەنێ .

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

ڕوونکردنەوە:

1. مەبەست عەلی بەگی یەکشەوەیە. لەگەورەپیاوانی ناوچەی موکوریان و لەتێکۆشەرانی کۆماری کوردستانە.دوای رووخانی کۆماری کوردستان لەحەوزەگەورەی بۆکان لەدار دراوە.

2. مەبەست تایرخانی سمکۆ کوری سمایالاغای سمکۆیە. لەگەورەپیاوانی عێلی شکاک و لەتێکۆشەانی کۆماری کوردستانە.

---

**نامەی حەمەرەشیدخان بۆ پێشەوا قازی محەمەد 13250311**

وەزارەتی هێزی دێموکراتی کوردستان (ستادی کول)

بۆ حەزرەتی پێشەوای بەرز و مەحبووبی جەمهووریەتی کوردستان

مەوزووع : ئاغایانی برازای ئاغای گەنجاڵی خانە

ئەو ئاغایانەی کەناویان لەخوارەوەنووسراوەبرازای ئاغای گەنجاڵی خانن . هەتا ئێستا لەمەنتەقەی سەقز لەژێر نفوزی عەجەم مابوونەوەو ئەمڕۆکەفرسەتیان دیوەئەوەهاتنەخزمەت بۆ شەڕەفیابی و ئاستان بووسی. هیوام بەرزەکەبەچاوێکی باوکانەتەماشای موستەقبەل و تەسریریان بفەرمووی.

1. ئاغای حەسەن خانی فەیزوڵابەگ

2. ئەحمەدخانی ئەمیری

3. ئاغای مستەفاخانی ئەمیری

4. ئاغای عەلیخانی سەلیمی

5. ئاغای سەلیم خانی پاک زاد

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

**نامەی حەمەرەرشیدخان بۆ پێشەوا قازی محەمەد13250310**

وەزارەتی هێزی دێموکراتی کوردستان (ستادی کول)

بۆ حەزرەتی پێشەوای بەرزی مەحبووبی جەمهووریی کوردستان

مەوزووع: عەمەلییاتی دوژمن ، هاتنەوەی عەلیاغای دێبوکری، سەیفوڵاخانی ئەردەڵان

دوێنێ ئێوارێ عەلیاغای ئەمیرئەسعەد و سەیفوڵاخانی ئەردەڵان و سەرهەنگ پزشکیان واریدی سەقز بوونە. هێنانەوەی ئەو ئاغایانەدەلالەت لەسەر ئەوەئەکات کەدوژمن بەهەموو وێنەخەریکی پروپاغەندەو تەفرەقەی عەشایر و ئیستحکامات و خۆ قایم کردنە. ئەگەر بێتوو لەوەزیاتر مەیدانی دوژمن بدرێ کەئاوا تەئسیراتی دعایەو سەیتەرەت بەسەر عەشایر و ئەهالیدا بڵاو بکاتەوەلام وابێ لەنەتیجەدا دوچاری موشکلاتێکی گەورەبین. ها بەو موناسەبەتەوەلەبارەگای بەرزتان تەڵەب ئەکەم کەزۆر بەفەوری دەستووری شەڕکردنمان بدەنێ کەدوژمن لەناو مەنتەقەکەمان هەڵبگرین.

دوێنێ ئەرکان حەربی عێراق لەگەڵ موتەسەریف و مودیری شورتەی سلێمانیەلەو رۆژانەدا هاتوونەتەدێی دارۆخان داوای حەمەدەمین خانی برام و ئەنوەربەگی کوڕمیان کردوەبۆ ئەوەی کەبیان گرن . ئەمانیش جەسارەتیان نەکردوەکەخۆیان نیشان بدەن. دوایەموەزەفین کەزانیویانەئەمانیان بۆ ناگیرێ ویستوویانەعائیلەمان ئەسیر بکەن و نەقڵی

وڵاتیان بکەن . حەمەدەمین بەگ و ئەنوەربەگیش هیمەتیان کردوەو مەجمووعی عەوائیلی خۆم و ئەتباعی بەگزادانیان دەرباز کردوەو هێناویانن بۆ ئێران و بەتەواوی قەتعی عەلاقەو رابیتەمان لەگەڵ عێراقا کردوە. عێراقیان بۆ دوژمن بەجێ هێشت . ئەوەسوار و وڵاغم نارد بۆ هێنانی عائیلەکان بۆ ئەو ناوە. بەمناسبم زانی کەئەم گوزارشتەشتان بەعەرز بگەیەنم . ئیتر بژین بەسەر بەرزی.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

**نامەی حەمەرەشیدخان بۆ وەزارەتی هێزی کوردستان 13250312**

وەزارەتی هێزی دێموکراتی کوردستان (ستادی کول)

بۆ وەزارەتی هێزی بەرزی کوردستان

مەوزووع : ئاغایانی گەورکە

بەپێی بەعزەتەقریرێک و مەعلووماتێکی رەسمی کەلەهێزەکان وەرئەگرم ئاغایانی گەورک وەکوو بایزی عەزیزاغا وکاک...و سایر ئاغایانی تر هەر وەکوو جاران لەسەر نەزم و دەستووری عەجەم خوایەتی ئەرۆن و بەدایمی رابیتەیەکی سەمیمانەیان لەگەڵ عەجەماهەیەبەخسوس لەو رۆژانەوەکەئاغای عەلیاغای ئەمیرئەسعەد هاتۆتەوەسەقز بەتەواوی تەنووری عەجەم خوایەتیان داگیرساندۆتەوە. جا ئەگەر بۆ ئەم جهەتەچارەیەکی حەکیمانەنەفەرموون بەناوی ئاشنایەتی و هاوپەیمانەتی گەورک دوچاری زەرەرێکی زۆر ناشیرین ئەبین. لەگەڵ ئەمەشا ئیجابیی بەستەی ئەندازەی فکری تیژی خۆتانە؟

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

---

**نامەی حەمەرەشیدخان بۆ بەکراغای حەوێزی 13250312**

وەزارەتی هێزی دێموکراتی کوردستان (ستادی کول)

بۆ فەرماندەی هێزی بارزانی لکی 3 ی سەرچاوەئاغای بەکراغای حەوێزی

مەوزووع تەجاوزی حوقووقی حەبیب وحەسەن ناوانە

نووسراوەی ژومارە384 و رۆژی 13250310 مان تەئکید ئەکەینەوە:

ئەوەڵەن بەنووسراوی ناوبراو بۆم نووسیبووی کەحەبیب و حەسەن ناوان لەو قەزیەدا موجرم و مەسئول نین. موجرم و مەسئوول ئەو موسەبیبەیەکەتفەنگی بەم کەسانەفرۆشتوە. دیسان بۆم نووسیبووی کەتفەنگەکان وەرئەگریەوە پارەکانیان تەسلیم ئەکەیەوە. تۆ تفەنگەکانیشت لێ وەرگرتوونەوەو پارەکانیشت بۆ ئیعادەنەکردوونەوەو جوابی قاقەزی منیشت نەداوەتەوەو سەرەڕای ئەمەش ئەشخاسی ناوبراوت بەسەلاحیەتی خۆت دارکاری کردوون. خۆت ئەلبەتەئیعتراف ئەکەی کەهەر سێ فەقەرەتان جورم و خلافی ئادابی عەسکەری و ئیتاعەتە. لەگەڵ ئەوەشا من ئەم سێ رێگایەتان تەلەقی ئەکەم بەرووحی گەنجیەتی و عەسەبانیەتی خوێن گەرمی بەڵام بۆ تیکراری ئەم حاڵەتەبۆ جاری دووهەم ئاگادارتان ئەکەمەوەکەپێویستەبەتەواوی ئیزهاری ئیتاعەت و تابعی فەرمان و ئەمری ئەم قیادەیەبی و سەربەخۆ مەیدان بەم کارانەنادەی. پارەی ئەم شەخسانەش بەفەوری تەسلیم بکەوەو جوابی تەسلیم کەدنەوەیانم بو ئەنوسیەوە.

فەرماندەی هێزی بۆکان و مەنتەقەی لەسەرا

**درێژەی هەیە...**